# بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق

**ئامادەکردنی ڕێنوار جبار**
renwar_jabar2@yahoo.com

**(4)**

## سەبارەت بە جێگاو نەخشی کرێکاران لە شوراکاندا وە خواستی لابردنیمودیران

سەرەتای کۆبوونەوە گشتییەکانی شوراکان نارۆشنی زۆر هەبوو, بۆچونێکی هەڵە پێی وا بوو نوێنەرانی هەڵبژێردراو شوران نەك کۆبوونەوە گشتییەکان خۆیان, بۆیە پەلەپەلی زۆر دەکرا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران وەکو ئەوەی کۆبوونەوەی گشتی تەنها بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری شورایە, هەر بۆیە ئەم بۆچوونە هەڵەیە بواری کەمتر دەکرد بۆ دەخالەت و بەشداری کرێکاران. کاری ڕۆشنگەری و هەڵسورانی رابەران و هەڵسوراوانی کۆمونیست و بەتایبەت دەرس و تەجروبەکانی بزووتنەوەی شورایی لە ئێران و دەخالەتی هەڵسوراوانی کومونیستی کرێکاری ئێران دەور و نەخشی بەرچاویان هەبوو لە کاڵکردنەوەی ئەم بۆچونە هەڵانە لەسەر شورا وە لە گەشەپێدانی کارو هەڵسورانی شوراکان. بەو ئەندازەیەی کرێکاران ڕوانگەیەکی ڕۆشنتریان لەسەر شورا پەیدا دەکرد بەو ئەندازەیەش بەشداری و دەخالەتیان لەشوراکانی خۆیاندا زیاتردەبوو, وە ئەم ئاڵوگۆرە بە ئاشکرا دەبینرا, لە هەر کارگەو دامەزراوێکی کرێکاریدا کۆبوونەوەی گشتی دووەم زۆر بەجۆش و خرۆشتر بوو لەوەی یەکەم.

یەکێ لە دیارترین سیماو تایبەتمەندیەکانیبزووتنەوەی شورایی، بەتایبەت لە کارگەو دامەزراوەکاندا، بەرێخستنی بزووتنەوەی لابردنی بەڕێوەبەران (مودیران) بوو، کرێکارانو فەرمانبەران لەهەر جێگایەك کۆبوونەوەی گشتییان سازدەداو شورای خۆیان پێكدەهێنا یەکێك لە داواکارییە سەرەکییەکان کە باسیان دەکردو دەستیان بۆ دەبرد لابردنی بەڕێوەبەرە کۆنەکان بوو، ئەم بەڕێوەبەرانە بەدرێژایی چەندین ساڵ سەرەڕای بەکرێ گیراوییان بۆ حکومەتی بەعسو بۆ سەرمایەداران لە هەمان کاتدا نەخشی جددییان هەبووە لە چەوسانەوەو سەرکوتی کرێکارانو فەرمانبەران، کە ئەمە لایەنێکی جددی سووربوونی کرێکارانی نیشان دەدا لەسەر ئەم داواکارییە.

لەکارگەی جگەرەی سلێمانی، کاتێك کرێکاران بە دوو ڕیز لە دەرگای دەرەوە تا ناو کارگە ڕیزیان بەستبوو وەکو نیشانەی ناڕەزایەتی بەرامبەر بەهەوڵەکانی چەکدارەکانی "بەرە" بۆ گێڕانەوەی عەزیز خۆشناو بەڕێوەبەری کارگەکە لە لایەن کرێکارانەوە دەرکرابوو، کرێکاران توولە ڕێگایەکیان دروست کردبوو تا بەڕێوەبەری کارگە بێتو لەوێوە تێپەڕ بێت وەپاش ڕیسوا کردنی لەلایەن کرێکارانەوە کارگە بەجێ بهێڵێت. چەندین کرێکاری ژن بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد: "عەزیز خۆشناو بەڕاستی خوێنی ئێمەی مژیوە سەرەڕای چەوسانەوەمان بەزۆر چەندین بتڵ خوێنی لێسەندووین بۆ شەڕەکانی حکومەتی بەعس ئێستا چۆن دەیەڵێن بگەڕێتەوە بۆ ناو کارگە".....

لایەنێکی تری ئەم جووڵانەوەیە لە دژی مودیران، دەست بردنی خودی کرێکارانو فەرمانبەران بوو بۆ بەڕێوەبردنی کارگەو دامەزراوەکان لە ڕێگای شوراکانی خۆیانەوە، کرێکاران دەیانزانی ئەم کارە بەبێ لابردنی بەڕێوەبەرو ئیدارەی کۆن جێبەجێ نابێت. بەم شێوەیە لابردنی مودیران یەکێك بوو لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شوراکانو بەپێچەوانەشەوە حیزبە ناسیۆنالیستەکانو بەرەی کوردستانی یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانیان وەستانەوە بوو لە بەرامبەر ئەم کارەی شوراکانو دیفاع کردن بوو لە مانەوەی بەڕێوەبەرە کۆنەکان.

ڕۆژی 12 ی مانگ لەکارگەی جگەرە کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرێکاران بەڕێوەچوو کە بەدەست پێشخەری هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شورایی ڕێکخرابوو، وە ئەمە دووەم کۆبوونەوەی کرێکارانی کارگەی جگەرە بوو دوای ئەو کۆبوونەوە گشتییەی کە لەگەڕەکی کرێکارانی کارگە ڕۆژی پێشتر لەقوتابخانەی ئاراس ڕێکخرابوو..... لەم کۆبوونەوەیەدا پاش قسەو باس کردن لەسەر ڕاگەیاندنی شورای کرێکارانی کارگەی جگەرەو داواکارییەکانی کرێکارانولەسەر یاسای کاری کرێکاران، ڕیز ڕیز کرێکاران بەپێی بەشەکانیان لەناو کارگە جیا کرانەوەو نوێنەری خۆیان لەهەر بەشە دیاری کرد، کرێکارانێك هەڵسانو لەسەر بارو گوزەرانی کرێکاران قسەیان کرد، وە پێداگرییان کرد لەسەر لابردنی بەڕێوەبەری کارگە. ئەم قسەو باسانە جۆشو خرۆشێکی گەرمی لەلای قسەکەرانو خودی کرێکارانیش دروست کردبوو.... پاشان ئێمە بۆمان

گرنگ بوو شورا بەڕەسمی ڕابگەیەنرێو نوێنەرانی شورا دیاری بکرێتو بەهەڵبژاردنی گشتی دەست نیشان بکرێن. پاشان ئەم کارە کرا.

لەشارەوانی سلێمانی، کە کرێکاران بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش خرۆشابوون توانیمان ڕۆژی 11 ی مانگ کۆبوونەوەیەکی گشتی ڕێك بخەین، سەدان کرێکار بەشدارییان لەم کۆبوونەوەیەدا کرد، پاشان کۆبوونەوەی دووەممان لەڕۆژی 12 ی مانگدا ئەنجام داو سەرەڕای ڕاگەیاندنی ڕەسمی شوراو هەڵبژاردنی نوێنەران, یەکێك لە خواستە سەرەکیەکانی کرێکاران پێویستی لابردنی بەرێوەبەری کۆن و هڵبژاردنی بەرێوەبەری تازە بوو لەلایەن کرێکارانەوە. هەروەها پەیامی کرێکارانی شارەوانی بۆ کرێکارانی کوردستانو بڕیارنامەی کرێکارانی شارەوانی سەبارەت بەحیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان ڕاگەیەندرا، کە ئەم پەیامو ڕاگەیاندنە لەناو شۆڕشەوقو حەماسەتی کرێکاراندا پشتیوانی لێ دەکراو لەناو سەرجەم شوراکاندا دەنگی دایەوە.

کریکارانی کارگەی ئەلبیسەی سلێمانی کە سەرەتا کوبونەوە گشتی‌یەکانیان لە قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی کچان ساز دەکرد رۆژی 16مارس بە چەند پاص بەرەو کارگە بەرێکەوتن, لەوێ بەرێوەبەری کارگە بە نیازی پێشوازی بەرەو رووی کرێکاران دەچێت, بەڵام کرێکاران ئەوەندە قینلەدڵ دەبن نەك هەر پێشوازیەکەی قبووڵ ناکەن بەڵکو لە کارگەش دەری ئەکەن و خۆیان ئیدارەی کارگە بەدەستەوە دەگرن.

هەروەها لەم ڕۆژانەدا لەدائیرەی کارەباو لەگەڕەکی کرێکارانی شەکرەکەو گەڕەکی کرێکارانی چیمەنتۆ لە سەرچنار، هەروەها لە گەڕەکەکانی خەباتو گۆیژەو چوارباخو بەختیاریو زەرگەتە کۆبوونەوەی گشتی بەرپا کرا....

شەوی 13 ی ئازار لە کۆبوونەوەی "دەستەی بەرەو پێش‌بردنی بزووتنەوەی شورایی" دا باسمان لەپێویستی ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی شوراکانو ڕێکخستنی سەراسەری بزووتنەوەی شورایی کرد، پێشنیار کرا کە کۆبوونەوەی گشتی شوراکان لە بنکەی شورای مەجید بەگ لە "قوتابخانەی ئەمین زەکی" ببەسترێت. ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەکە بەبەشداری نوێنەرانی "دەستەی بەرەو پێش‌بردنی بزووتنەوەی شورایی" وە نوێنەرانی سەرجەم بنکەی شوراکان لەگەڕەکەکانو نوێنەرانی شورای کارگەکان بەسترا. هۆڵی قوتابخانەی ئەمین زەکی بەتەواوی پڕ بوو، چەند سەد کەس لەنوێنەرانو هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شورایی ئامادە بوون، سەرەڕای ئەوەی کورسی‌یەکان هەموو پڕ بوو بوون، ژمارەیەکی زۆریش بەپێوە ڕاوەستابوون. نوێنەری هەر شوێنە هەڵساو قسەو باسی کرد، هەندێکیان شورایان دەناساندو هەندێکیان باسیان لەکاری عەمەلی دەکرد. ئێمە کە تاقیکردنەوەی بنکەیەکی سەراسەریمان هەبوو باسمان لە زەرورەتی ڕێکخستنی سەراسەری بزووتنەوەی شورایی کرد.

شەوی15 ی ئازار، هەموو لە بنکەی ئاوات کۆبووینەوە، زۆر سەرقاڵ بووین، خۆمان بۆ میتینگی جەماوەری شوراکان لە 16 ی مانگدا سەبارەت بەساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە ئامادە دەکرد، تیمەکانی پاراستنو ئیمکاناتی فەنیو هەروەها قسەکەرانی میتینگەکە دەست نیشان کران، وە بۆ هەر بەشێکیش لێپرسراوێکمان دیاری کردو لەسەر دروشمو قسەو باسەکان وتووێژی پێویستمان کرد. هەموو خۆشحاڵ بووین، دەمانزانی بەیانی کارێکی مەزن دەکەین.

*ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە یەکێکە لەو بەیاننامانەیە کە بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕاکێشرابووو لە ڕۆژی 1991/3/16 لە کۆبوونەوەی جەماوەری گەورەی شوراکاندا لەبەردەرکی‌سەرای شاری سلێمانی بڵاوکرابوەوە:*

# کرێکارانی جیهان یەکگرن

# ڕاپەڕینی برسی‌یەکان سەرکەوتووە

ڕاپەڕینی برسیەکان لەشارو ئۆردوگاکانی کوردستان سەرکەوت، بەڵام شۆڕشی کرێکاران هەر بەردەوامە.

هێزی ڕاستەقینەی ڕاپەڕین ئێمە بووین، ئێمەی کریکارانی بێکارو، ئێمەی زەحمەتکێشانی ماڵ سووتاو، ئێمە کە لەشەڕی چەندین ساڵە زۆرترین زەرەرو ئازارمان پێگەشتبوو، ئێمە بریندراری دەیان ساڵەی نەبوونیو برسیەتیو بێ‌مافیو

کوشتار، ئێمەی ژنانو کچانو لاوانێك کە تا دوێنێ لە قەراغ شەقامەکاندا خەریکی نانو سەوزەو کاسبی دەستفرۆشی بووین، ئێمە خێڵی بەشمەینەتان، ئێمە بووین کە بەدەستی بەتاڵ تا پەنای گونیە بەخۆڵ داپۆشراوەکانی دوژمن ڕۆیشتینو چەکەکانمان لێسەندن، سەنگەری ڕیزی ئەو کەسانەی کە زیندانو دامودەزگاکانی دیکتاتۆریەتی بەعس یان دەڕوخاند لە هێزی ئێمەو لە ئێمە پێکهاتبوو، گرتنی شوێنە حکومییەکانوسووتاندنو ڕوخاندنی بەسەر دوژمندا بەدەستی ئێمە کرا، ڕاپەڕین ڕاپەڕینی برسیەکان بوو، خاوەنی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینو دەستکەوتەکانیش هەر ئێمەینو هەر ئەبێ ئێمەبین، بەرهەمی ڕاپەڕین ئەبێ گۆڕانی دەورانی هەژاریو نەداریمان بێت بۆ دەورانی خۆشیو کامەرانی، وە حورمەتو کەرامەتی ئینسانیو ئازادی بەیانو ڕێکخراوبوون، خاوەن تاپۆی ئەم کارانە هەر هێزی چەکداری خۆمانە لە شوراکاندا لەگەڕەكو شارو لە شوێنی ئیشو کاردا، ئەم هێزەی ئێمە ئەبێ جێگای هێزی سیاسی کۆن بگرێتەوە. دووریو نزیکی هەر گروپو حیزبێکی سیاسی بەوە دیاری دەکرێت کە چەندە وەفادارە بەئامانجەکانی ڕیزەکانی ئێمە، وەچەندە کار دەکات بۆ بەهێزکردن یان زەعیف کردنی ئەم دەسەڵاتداریەتیەی ئێمەی کرێکارانو بێبەشان.

بژی هێزی ڕێکخراوو چەکدارانەی کرێکارانو نەداران

کرێکارانی شاری سلێمانی 16/ 3/ 1991

***



**کۆبوونەوەی گشتی شواری کرێکارانی شارەوانی،**
**کرێکاران چەپڵە لێدەدەن بۆ پشتیوانی لەقسەکەری خۆیان***